

ڕەخنە

# شالاوی تاوان
# و
# دەمکوت کردنی تاوان باران

نووسینی

کمال هەنجیرە

1990

# شالاوی تاوان
# و
# دەم کوت کردنی تاوان باران

هەواڵنامەی کتێب

نووسینی
کمال هەنجیرە

٢٠/٢/١٩٩٠

سەرەتایەك بۆ ئۆرگانی ناوەندی بەرەی کوردستانی عێراق :

لەدایك بوونی یەك بوون و یەکێتیەکی هێزە سیاسی و عەسکەریە کوردییەکان ئاواتی گەورەی هەموو لایەکمان بوو. بەلاّم لەبەر زۆر هۆی مەوزوعی و ستراتیجی ، گەیشتبووە ئاستێك تەنانەت خەڵکە هوشیارو بەئاگاکەشیان گەیاندبووە ئاستێکو ئەندازەیەك ، کە قەناعەتی وابێت ئەگەر ئەو یەك بوون و یەکێتیە بەدەست بێت ، دەستوری سۆفی و دەروێش بریاری خێرو - قوربانی بدەن . مژدەی لەدایك بوونی پەخش بوو .. خاوەنی رۆژنامەی بەرەی - کوردستانی کە بریتیە لە ئۆرگانی ناوەندی ... دەست کەوتێکی ئەو بەرە - کوردستانیە خولقاوەیە .

ئەگەر بێینە سەر حساب و کتاب ئەم دەستگایە بەهاکەی زۆرە و ماندووبوونیش دەخوازێت ، کەوابوو پاراستنی لەو بلاّوکراوە زانستی و رۆشنبیریانەی پڕن لە ووشەی دڵ تەزێن و ساردەی وەك کرابێتن بەسەرەرمی ژەهراوییەوە ، کارێکی پێویستە لەهەر جۆرە بلاّوکراوەیەکی تردا بایەخی پێی

بدریێت ، بەلام نەچێتە دووتوێی لاپەرەکانی ئەم رۆژنامەیەوە . ئەگەر تەنها ش مەسەلەیە دیموکراتییەتە ئەوەندەی لاپەرەکانی خۆتان پێ رەش کردۆتەوە هەر بەو شێوەو ئەندازەیە مامەڵەتان لەگەڵ بکرد نایە . زۆرهەن رایان وایە و خۆم بەکێکیانم ، کەوا لەم ئۆرگانە کەسێك هەیە و دەستی تەشریفاتی بۆ درێژ کردووە و هەروا یەك دوو رستەیە ـ کی بێ پواز شی لەسەر مەبەستی خۆی بەدوو زەردەخەنەوە تێکەڵ کێشی نووسراوەکەیان کردووە . یان ئەگەر علەتەکەش لەوەدایە کادری شارەزای هونەری و رۆشنبیری ئەم بوارە تایبەتانەتان نی یە ، خۆ هەموو یەکێك لەوانەی هاوبەشی دەرکردنی ئەم رۆژنامەیە دەکەن ، دەرك بەو ووشە ساردو بێلەزەتانە دەکەن ، کە دەلیلی بۆگەنی دەروون و مەبەستی خاوەنەکەیەتی، نەکاتە ئەوەی بلێم ئەو برا ئازیزانەی سەرپەرشتی دەرکردنی ئەم رۆژنامەیە دەکەن شارەزا نین . نەخیر ، بەلام رێدان بەوجۆرە نووسراوە بێ سەرو پێیانە ، بە بێ شارەزاییەوە و بەخواستێکی تایبەتەوە ، دەکاتە ئەوەی دەرگای گلەیی ئاوالە

بکرێتەوە . ئەوجۆرە رەخنە و رەخنەگرانە بەخۆ چونەوەیەکیان گەرەکە چ لە رووی شێوازەوە بێت کە ئەخلاقیەتی خۆی هەیە ، وە چ لە چۆنیەتی رەخنەکەوەبێت ، لە رووی رۆشنبیریی و شارەزابی هونەرییەوە . لە دوا دواشدا دەڵێم دیموکراتیەت کە کەوتە داپلۆسین و بەرەڵایی نرخە ئازادیەکەی لەدەست دەدات .



هەواڵنامەی کتێب

# رەخنەو رەخنەگر

گەر لەسەر ووشەی رەخنە و سروشتی رەخنە و جۆرەکانی بدوێین ، ئەوا جۆرەها بنەچەو رەچەڵەکو پریشکی لێ دەبێتەوە ، ئەوەی ئێمە لەم باسەدا مەبەستمانە رەخنەی شانۆییە بەتایبەت ... هەر بەرهەمێکی هونەریی کاتێک کەوتە بەرتیرامانی رەخنەگرێك ، مانای وایە ، ئەو بەرهەمە هەڵدەگرێت شی بکرێتەوە و هەڵسەنگێنرێتە یان خاوەنی کۆمەڵێك ئاڵۆزی و گرژییە ، و پێویستە روون کردنەوەی لەسەر بێت ، و کاڵ و کرژی بەرهەمەکە چارەسەر بکرێتە. هەموو بەرهەمێکی هونەریش خۆی لە خۆیدا خاوەنی کۆمەڵێك رووداو بیرۆچکەو بۆچونی نهێنی سلبی و ئیجابییە . رەخنەگری شارەزا و خاوەن ئەزموون ، دەکەوێتە گرخواردن لەگەڵ ئەو مەودا هونەرییەو رووبەکی درەووشاوەدارتر دەخاتە سەر هەموو لایەنەکانی ئەو بەرهەمە و ، بەکۆی گشتی بەرهەمەکە و بەرهەمی رەخنەگرەکە دەبێ ببنە سەرمەشقێکی نوێتر بۆ گەشە ـ

سەندنی ئەو بوارە بەپێزەولەسەر رەخنەگر مەرجە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو. ئەرکە پیرۆزە ئەم چەند خالانەی خوارەوەی تیادا بەدی بکرێت .

١- پلەی رۆشنبیری و ئاستی هوشیاری لە ئەو خاوەن بەرهەمە زیاتر بێت کەمتر نەبێت کەبە نیازی هەڵسەنگاندنەوە خۆی لە قەرەی دەدات .

٢- بەئەندازەیەك شارەزایی هەبێت لە رێباز و رێنوسی چۆنیەتی ئەو بەرهەمەی دەکەوێتە بەر رۆشنایی رەخنەیەوە ، کەنەك لەبری ئەوەی بیەوێت کەلێنێك پڕکاتەوە بەلام چالێك بۆ خۆی هەڵکەنێت .

٣- بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی ئەزموونێکی زۆر بێت لەو روانەوە کە پەنجەی رەخنەی بۆ درێژ دەکات ، نەك تەنها وەك تیۆرییەك بەلکو ئەم کارە پێویستی بە کارەکیش هەیە .

٤- خاوەنی بۆ چوون و هەڵوێست و بیرێکی فراوان بێت و ، بەبیرێکی تەسك و مەبەستی تایبەتەوە تێرا نەبورێت .

٥- رەخنەکانی تەنها مێشك و هۆش و هەستی خۆی بۆی نەبنە سەرچاوە .

٦- دووربەر بێت لە ئەلفازی سوکایەتی

پێ کردن و هەزیل و رەزیلکردن . هەمیشــــە
ئەوەی لەپیشێ چا وبێت هونەرمەند لە مرۆیە-
کی ئاسا یی قورسترە بەلاّم نا سك تریشە .

٧- ریّز لە هەلّویّست و ئا یدۆلۆجـــــــی
بەرا مبەرەکەی بگریّت ( واتە خاوەن ئــــەو-
بەرهەمەی ئەم وەك رەخنەگریّك هەلّـــــی-
دەسەنگیّنیّت ) .

٨- سۆز و دلّ گەرمی و نا کۆکی نەبنـــــە
پیوەر و پەردەی هەقیقەتە مەوزوعیەکا نـــی
پێ شیتا لّ بکات . ئەما نەی لای سەرەوە
ئەو خا لّە گرنگانەن کە مەرجن لە رەخنەگــر
دا هەبن . هەروەها لەپیش دەم رەخنەگـــــردا
چەند هەنگا و نا ئیکی تر هەیە ، کە مەرجـن
بیبا نگریّتەبەر ، بەر لەوەی را و بۆچوونە-
کا نی بسەپیّنیّت . بریتین لەم خالانە :-

١- موتا بەعە کردنی کا رە هونەرییەکـــە
بە زیندوویی پتر لە جارو دوو جار .

٢- خویندنەوەی دەقەکە وەکو نووسرا و بـۆ
چەند جا ریّك ، بۆپەی بردن لە جۆرییەتـی و
چۆنییەتی نوسرا وەکە و ئەو شیّوا ز و مەبەستە-
ی نووسەر مەبەستیّتی .

٣- ئەگەر توا نا ی بیبینینی نووسەرەکـــەی
هەبیّت ، مەرجە یەکتری بدویّنن ، بەنیـازی

کەڵك لە یەك وەرگرتن و روون کردنـــــەوەی ئەو لایەن و خالانەی بەگرێن . وە بۆ ئاشنا ـ بوونی لەو کەلێن و بوارە شاراوە و نهێنیا- نەی هونەری نووسین و دارشتنەکە گرتونیە- تیە خۆ .

٤ـ دانیشتنو گێرانی سمینار لەگــــــەڵ دەرهێنەر بەتایبەتی ، بۆ دووان لەســـەر تەکنیك و شێوازی دەرهێنانەکەو کـــارە ـ هونەرییەکانی تر .

٥ـ پشت نەبەستن بە شارەزایی زاتــــــی ، بەڵکو هەموو لێکۆڵینەوە و رەخنەیـــــەك پێویستی دەکەوێتە سەرچاوە و روونکراوەی تر لەسەر جۆربیەتی بەرهەمەکـــە .

ئەمانە بە کۆی گشتی مواصەفات و ئەرکە ـ کانی رەخنەگری شانۆییە . کە بنەچەو رەوتی باوی شێوازە ئەکادیمیەکەیە . لەم دوا دوا- ییەدا رەخنەی راست و بەپێز گەیشتۆتـــــە ئەو ئاستەی رووبەروو بە شێوەی سیمینارێك بگێردرێتو تەنها رەخنەگر و خاوەن بەرهەمە- کە بەشداری تیادا ناکەن ، بەڵکو لەبـــەر رۆشنایی تێبینی و هاوبەشی کردنـــــــــی جەماوەریشدا خۆ دەبینێتەوە .

ئەو رەخنەگرەش کە چاو شارکێ لەگەڵ
ئەو خاڵانەی لە پێشدا باسمان لەسەر کردن
بکات ، ئەوا بە هیچ کلۆجێك پوازشیان
بۆ ناکرێت و نە رەخنەگرن و ، ئەو
زەحمەتەی کێشاویشیانە بەو نووسینەوە
ناچێتە قالبی رەخنەوە . وە بەئاشکرا
دیارە دەبەنگی تکوینە خود یەکە و جۆرییە-
تی هەڵوێست و بۆنە زەلکاوییە نەفسیە
شاراوەکەیانە بوونەتە کەرەسەو سەرچاوەی
ئەو ئەستێلە مەنگیەی دا یان رشتووە . ئەو
جۆرە رەخنەگرانە لە رەوتی شانۆی کوردیدا
هەمیشە چاوەروانی باشقول هاویشتنن . بۆ
بەدی هێنانی مەبەستێکی تایبەتی خۆیان
نەك دڵسۆزی بۆ هونەر بە گشتی و خۆشەویستی
خاوەن ئەو بەرهەمەی قسەی لەسەر دەهۆننەوە.
ئەوەش بەکێکە لەهەرە نەخۆشیەکانی شانۆی
کوردی ... ئەوەندەش ئاشکرا بکەین ئەوی
خاوەنی ئەو جۆرە رەفتارانەیە ، هەمیشە
لەدواوە خەریکی هەنگەشەلێیە . هەرگیز
رەوتی لەگەڵ کاروانە پیرۆزەکەی مێژوو
پێناکرێت .

# ڕۆشناییەك لەسەر شانۆییەکە

نووسینی شالاوی تاوان ، وەك بەرهەمێکی پێشکەش کراو لەلایەن یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان و بەهاوکاری کۆمەڵێك هونەرمەندی ئاوارە ، لەلای دوو قوتابی هونەرمەندیشەوە ، کەوتۆتە بەر ڕەخنە و توانج و سەرەڕۆیی . ئەو نووسینانەشیان لە ژمارە (١٥) و (١٦)ی بەیە-ڕەی کوردستانی دا بڵاو کراوشەتەوە . منیش وەك نووسەرو دەرهێنەری بەرهەمەکە وام بەچاك تر زانی بەکورتی وەڵامی هەندێك بۆ-چوون و ڕا سەرپێیەکانیان و گری و گۆڵە هەڵقرچاوەکانیان بدەمەوە.بەو مەبەستەی تاکو جارێکی تر وەك هونەرمەندێکی ئاوارە دەست بەرداری جڵە و کێشی ببن.سەرەتا دە-ڵێم: ئەگەر ڕەخنەگرەکان مەبەستیان ڕەخنەیەکی بەپواز و پڕ خزمەت بوایە ، بەلای کەمەوە نووسینەکەیان بخواستایەو بیانخوێندایەتەوە ، هەڵبەتە یارمەتیەکی زۆری دەدان . ئەوکاتە توشی ئەو سەرکێشی و

هەڵەشەیە نەدەبوون . بەتایبەتی ئــــەو پێشەکییەی کە بۆم نووسیووە . چونکە دەمزا-نی ئەم شێوازی نووسینە نوێیە بەهەمــــوو کەسێك هەرس ناکرێت . وا لێرەدا پێشەکیە-کەش بڵاو دەکەمەوە :-

(( شێوازی ئەم نووسینە لە قاڵبی شانــۆی ( ئەرستۆ تالیسی) دەرچووە . لەدوو تــوێی شانۆی ئەزموون گەریدایە . لەبەر ئــــەوە بەرروونی سیما و مەودای کارەکتــەرەکــــان نەکێشراون ، تاکو دەرهێنەر بتوانێت لێیان دەربچێت . هۆنینەوەی رووداوەکان بە جیوار زیاتره وەك لەوەی جوڵەبێت . لە شێـوەی تابلۆی پەخشانەشعریدان . لێك دەبریــــن ، بەڵام ناوەرۆك کە بریتییە لەبیری سەرەکــی کۆیان دەکاتەوە .

لەرووی زەمینەی هونەری دەرهێنانــەوە ، دەکەوێتە بەر تیشکی فەرەزییەی دەرهێنــەری نووسەرەوە ( المخرج المؤلف) . تەنها چوار تا پێنج ئەکتەر یاری کارەکتەرە جیاوازە-کانی دەقەکە دەکەن ... هەرچەند مــــن وەك دەرهێنەرێك چۆنیەتی یاری کردنی کارەکتەرە جیاوازەکانم دیاری کردووە ، بـــــــەڵام

سەربەستیەکی تەواو لەبەر تێبینی و لێکدانەوەی دەرهێنەردایە . بۆ نمونە دەرهێنەر دەتوانێت لەو چوار ئەکتەرە یەکێکیان ئافرەت دابنێت . ئەوەی لێرەدا گرنگە دووخالە / ١- پێویستە دەرهێنەر پارێزگاری قیبیەمە دراماتیکیەکان بەگوێرەی گرنگیان بکات ، کە بەم شێوەیە :

(( بارە دەروونیە گشتیەکە ... بیری سەرەکی ... دایەلۆك ... کارەکتەر ))...

واتە بیری سەرەکی و دایەلۆکو کارەکتەر لە خزمەت پێگەیاندنی بارەدەروونیە گشتیەکەدان ... ٢- پاراستن و لانەدانە لە ناوەرۆك و بیرە سەرەکیەکە )) .

ئەوە پێشەکیەکی کورت بوو وەکو تێبینی، دارشتن و بەرێکردنی کارەکتەرەکان بەم شێوەیە / سەرەتا برۆلۆجێك ، لەسەر کاول کاری و ماڵ وێرانی کورد و کوردستانە، ئەمە خۆی کلیلی باسەکەمانە . خاڵی سەرەتایە و رووداوەکانی پاشتر بەخۆوەنا هۆنێتەوە ، بەڵکو چۆنیەتی خستەبوونی دەردەکەشی دەکەنەوە و ، لە چەند روویەکەوە هۆو هۆکاری ئەو کاول کاریە

دەخەنە پێش چاوو هۆشی بینەر . رۆژنامە -
نووس چەقی سەرەکی کارەکتەرەکانە و
دوا بەدوای برۆلۆجەکە دێت و لەکۆ کردنەوەو
نووسینی ئەو کاول کارییە دەکۆڵێتەوە .
بەڵام نارازییە و مێشکی پێ ی نادات ئەو
تاوانانە هەر وەکو رووداوێك بیانوسێت .
بەڵکو ئالۆزی دەروونی خۆی بەو بەزمەساتە
دێنێتە گفتوگۆو دەگەرێت و دەڵێن:کێ
تاوانبارە و کێ دەست و مەچەکی زێرینی
تێکەڵ بەو تاوانە کردووە ؟ هەست و توانای
هێزوگورێکی دەداتێ و پەردە لەرووی هە -
موو ئەو راستیە کوژبوانە هەڵدەداتەوە.
ئەوانەی لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا
دەستیان لە چمکی کاولکاری و شیواندن و
چارەنووسی کوردەوە ئالاندووە . دەگاتە
ئەوەی خوینە سەرشێتیەکەی دوژمن بەبارمە -
تی ئاغازە بەلاحەکان، تەحقیق بسپێت.
بەڵام رۆژنامەنووس تەنها گەیەنەرێك
نی یە ، بەڵکو خولیای چارەسەریشێتی ، بۆیە
دەکەوێتە هاوار و دەڵێت: تاکەی زۆربەی
گەلانی جیهان کورد بە مێگەل دەژمێرن ؟
نەك ئەوەی رەخنەگرێك ووتویەتی هەموو
گەلانی جیهان ... وانەووتراوە بەڵکو

زۆربەی گەلانی جیهان کومەڵێکی تایبەت دەگرێتەوە لە هەموو گەلانی جیهان . مەبەست دەسەلآت دارانی ئەو گەلانەیە کە لە پێشدا لێیان دەدوێ و دەڵێت : هەر ناڵەی منداڵێکی کورد و لاشەیەکی جێماوو کەلاوەیەکی ئەم نیشتمانە ، پارچەیەك دیاری زانستی چەکی تۆقێنەر و کوشندەی ئەو مرۆڤە بەکارامانە چۆکی لەسەر داداوە! ئەوەیە مانای زانست؟ ئاوا گیانی برایەتی و یەکبوون لە دوور و نزیك دەروێن ... ؟ هتد.لێرەدا سەرزەنشتی ئەو دەوڵەتانە دەکات کە بەخەستی و ناراستەوخۆ پاڵپشتێکی ستراتیجی و تەقەمەنی و تەکنۆلۆژی رژێمی دوژمن کارن ، کێ هەیە نکوڵی لەوە هەبێت ؟

ووتمان رۆژنامە نووس خولیای چارەسەر-کردنی ئەو مەرگەساتەی دەکەوێتە سەر لەوەیە تەسلیمی ئەو واقعە رەشە ببێت . بەلآم سێ نەوجەوان یەك لە دووی یەك لە ناو جەماوەرەوە دەکەونە سەرزەنشت کردنو تاووگورێکی نوێی پی دەدەن . پاش ئەوەی گوێیان بۆ شل دەکات و قەناعەتێکی نوێ دێنێت ، بریاری دەست پێ کردن و نووسین دەدات . بریارەکەش ئەوەیە دەڵێت :/

باشتر وایە بە هەموو توانایەکمـــــەوە
دەست بدەمەوە نووسین ، ئەوەتا هەمـــــوو
بە ئاشکرا کۆمەکیم دەکەن ... بۆ بنیاد ـ
نانی (( قوتابخانەیەکی شۆرشگێری یا خـــــی
کوردی )) دەنووسم .

ئەم بریارە پێویستی بەدوو کەوتـــــن و
سەرچاوە هەیە ، بۆ دیاری کردنی نەهجـــــی
ئەو قوتابخانەیە . ئەوەتا پەنا دەباتـــــە
بەر سێ لایەنی زیندوو کراوەو شێوە مردووی
میللەتەکەی خۆی . بنـــوڕیتین لـــــە
(م)نالی : / نوێنەرێکی هەقیقەتە مێژوویـــــی
و ویژدانە دێرینەکەی میللەتەکەیەتـــــی .
کە چۆن ریسمان بۆ شی دەکاتەوە و دووپاتـــی
ئەوە دەکاتەوە کەهەموو بەرپرسیارین لـــــە
بنیادنانـــی و بەردەوامـــی مێـــــژووی
میللەتەکەمان .(پ) مندالە هەڵەبجەییەکە :/
دوابەدوای نالی ، ویژدانی نەمـــــردووی
هەلەبجە ، وەکو تەونێکی نێو جەماوەر ،
لەسەر شێوە و زمانی مندالێکی هەڵەبجـــــە
بەرەنگاری نەوجەوانێکیان دەبێتـــــەوە ...
پاش ئەوەی نەوجەوانەکە دەیهێنێتە قســـــە ،

دەردوو دووی ئاوارەیەك و چۆنیەتـــــی
کاول کارییەکەی هەڵەبجەمان لـــــــێ روون
دەکاتەوە ، هەروەها کۆمەڵێك راستی تـــــر
ئاشکرا دەکات دەرهەقی ئەو تاوانبارانـەی
چـــەندین جار لەبری سنـــدوقە فیشـــەك
باوەشی تالأنیان لەخۆ باردە کرد و ، تەر-
سیان لە چاووی دووژمن تەنـــاراشـــــــو
ج) شەهیدێك: / پەیامنێری رێی خەبات و ئازادی
گەل ، بــــــرییتیە لە شەهیدێك بەویژدانـــی
زیندووە وە لەگەڵ بەوجەوانێکـــــــی دی ،
دەکەوێتە کێشە و لەسەر ئازاری قەلأچۆکردن
و خەرمانەمەرگی گەل و نیشتمانەکـــــــەی
دەدوێ و ، شۆر دەبێتەوە ناو ئەو ناوەندە
شۆرشگێرییەی کە خۆشی تاکولەژیاندا بـــوو
هاوشانیان بەزەبری دەست و مەچەکـــــی ،
بەرهەڵستی دوژمنی کاول کاری دەکــــرد ،
ئەوەتا هێمـا بە نارێکی و ناکۆکـــــــی
رەنگەکان دەدات و ، داوای یەکبوونـــــی
رەنگەکان و بەردەوام بوونی شۆرش دەکـــات
نەوەی نوێ و خاوەن بەهەستە شۆرش گێرەکان
ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێت :(( ئەوانـــــە

خۆیان بۆ گیانی ئەو مندالانەش ئامـــادە
کردووە کە بەشتا لەدایك نەبوون،)) بۆیـــە
ناخی شەهیدەکە دەو رۆژێ و وەك پەیامێك و
ئاموژگارییەك بەنەوجەوانەکە رادەگەیەنێ
و دەلێت :/ ((فێری بیری ئازادین ، تـــرس
لەوەستاندایە ، نەوەستن لە وەرگرتنی ئـەو
بیرەی مافی چەوساوەکان دەپارێزێــــن ،
لەبەر ئەوەی ئازادی گەل و ئێمان لـــە
چاوی زەحمەت کێشی چەوساوەدایە . نەوەستن
بۆ هەلشاخان بەڕووی یەکدا و ناخی یەکتـر
کرمۆل بکەن . نەوەستن لەگورخواردنەوە -
تان بەرەو ترۆپکی خەبات )). کام سامانـــەی
دونیا لە گیانێك بەنرخترە ؟ ئەگەر هیـــچ
سامانیك نەبێت و ، لاوێك لە پیـــــناوی
مەسەلەیەکدا ئەو گیانەی بەخشیبێـــت ،
ئەوا بێ یەك و دوو بۆشی هەیە ناکۆکـــــی
و کەم و کورییەکانی ناو شۆرشمان بۆ بەیان
بکات و لێشمان روون بکاتەوە و ڕێنمایـــی
بەردەوامی شۆرشیشمان بکات . لەلایەکـــی
تریشەوە رازیش نابێت لەو کەسانەی خاوەنـی
چەند زارۆ وەیەکی زانیاری و سیاسین ، بکەونە
تـواشچ هاویشتن و سوکایەتی دروست کـردن
لەپال شورشەکاندا و جۆرەها ناوو ناوەتۆرە

و ووشەی پڕ رووخاوو تۆقێنەر لەناو خەڵکی‌دا بلاو بکەنەوە ، کەدەبنە هۆی پەشاندنــی گوری خەبات لە رووی زۆر کەسان و شۆرشگێردا.
بۆیە دەڵێت :/ ((ئەوانەیان پشتیان لـــە مەیدانە ، یان دوور هاوێژن و بۆ گەنــی پاشایەتیان قوت‌داوە . ئەوانە .. ترسنۆکن ... ئەوانە درۆبین ... درۆبین .)) بۆیـــە ئەوەی شایی‌دێن‌بەو ویرانەیی و چۆڵەوانیەی کوردستان و دەیقۆزێتەوە بۆ سوکایەتـــی پێ کردنی شۆڕش گێڕان‌ەنەک تەنها تەرەســن بەڵکو ئەگەر بەرەو پووشیان ببینەوە تفی نەعلەت و ریسوایی دەکەینە نێوچەوانیان .
بیرە سەرەکیەکەی شالاوی تاوان بریتیە لە ( گەران بەدوای ئەو راستیە شۆرشگێریانەی دەبنە بنەمای چارەسەر کردنی کێشـــــەی نەتەوەی کورد و رسوا کردنی دوژمنـــان) .
کێشەکە بریتیە لە کاول کاری و لەناوچوونی بنەچە و رەچەڵەکی کومەڵەکەمان و قەلاچــۆ کردنی کوردستان ... راستیە شۆرشگێڕییە — کەش بریتیە لەو بۆچوونەی رۆژنامەنـــووس کە دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیـــە ... لایەنێکی کێشەکە بریتیە لەو ناخە پـــــڕ

مەینەتیەی کە رۆژنامەموس دووا بەدوای دیمەنی یەکەم لێی دواوە و سێ کارەکتەرەکەی ترکەباسم لەسەر کردن ؛ (نالیە مندالەکە ، شەهیەکـە) شیبان کردونەتەوە و هەریەکە لەرێرەوی خۆیەوە دەستی تاوانو هۆ وهۆکار و یاریدەدەرەکانیان ئاشکرا کردوە .

هەرچوارن ئەوجەوانەکەی تر دەبنە وەلقێکی تری کێشەکە و لەسەر لاپەرە خێرەکەی مەبەستی رۆژنامەنووس سەریان هەلداوە و لەپال هەر روونکردنەوەیەکو ئازار و ئەشکەنجەیەکدا ، بەرامبەر بەوانە مۆفرەدا تێکی چارەسەرکردنو بناغەیەکی نوێ بۆ ئەوقوتابخانەیە دەپێکن ، تاکو لەکۆتاییدا بەچەند وانەیەکی واقعی و مەدروس ، ئەهج و سترا تیجیەتی قوتابخانەکەدا دەرێژن .

## وەلامی رەخنەگران

لێرەدا دێمە سەر وەلام دانەوەی هەندێک بۆ چوونی سەر چلانەی ئەو رەخنەگرانـە . لە شوێنێکدا هێندە رەمەکیانە دەلێت کاکی نووسەر ئەوەندە بەوردی گلۆری لاوەکی ـ یەکان بوە کە بینەر نەیدەزانی باس لە چ بابەتێک دەکات .. ) هەلبەتە رەخنەگر

مەبەستی بینەری وەکو خۆیەتی) وەبەردەوا ـ
مە و دەڵێت:لەلایەك شیوەن بۆ کـــــوردو
کوردستا ن .. لەلایەکی دی داوای قوتابخا ـ
نەیەکی ... هتد) وەکو لەمەو بەر رۆشـــم
کردووەتەوە، ئەگەر رەخنەگر لە دەستـــووری
رەخنەگرتن هەڵبێت، هەڵبەتە بە زەلیلیەوە
وەدووی دروست کردنی کەم و کوڕیدەکەوێتە
ئەگینا هەربەهێنا نەوەی ئەو دوو مەسەلەیـە،
خۆی جوابی خۆی دەداتەوە . یەکەم خولیــا ـ
کەیە و دووەم گێڕاوی چارەسەر کردنەکەیـە .
دیسا نەوە لە شوێنێکی تر بەناوی شانۆییە ـ
کەوە لەسەر زمانی شەهیدەکە دەڵێت : ـ
( ئەوەی دەڵێت هەرەسەرتەرەســە ) هەرچەند
لەوە و بەر وەلامم داویتەوە، دیسا نـــەوە
دەڵێم ئەو جۆرە کەسانەی مێژووی شۆرشێـــك
پێ شێل دەکەن و بە ساویلکەیی وێنەی گلاوو
رووخاو نیشان دەدەن، ئەوانە بچن گۆرانـی
خۆیان لەگەڵ سیما جوانەکان بهۆننــــــەوە
یا شترە، یا خود با بچن بە بارانـــــــــی
پەڵە هەورێکی رەشتر لە نامۆیدا خـــــۆ
بشۆرنەوە ... بەلام ئەگەر مەبەست هەڵسەنگا ـ
ندنی کەم و کورتیەکان و رووی پـــــــەردە
هەڵمالین بێت لە ئاست هەڵە وکەسانێك، کە

دەستی تاوانیان هەیە و بەناو لەبەرگی پێشمەرگەدان ، لە پەیامی شەهیدێکدا نابێتە رسواکردن و هەرەس هێنان و داپلۆ - سین ، بەڵکو با بەرگی پێشمەرگەیەك پیس نەکەن .

رەخنەگر ئەگەر ئارەزوو لە مەسەلەکان نەگەیشتایە ئەم رستەیەی لنگەو قوچ نەکردەوە ، ئەوەتا بەناوی شانۆییەکەوە دەڵێت :( هێزە بەرهەڵستکارەکان لە چلکی سەردەستی منداڵ گەندەڵ ترن ... هتد) ئەمە دەلیلی بۆنی زەلکاوەکەی دەرونی رەخنەگرە ئەگینا چۆن و بە چ مافێك رستەیەك بە هەمووماناییەکیەوە دەگۆڕێت و لەسەر لاپەرەیەکی رۆژنامە شەرە دەندوکی لەگەڵ دەکات ؟ کەرستەکە لە دەقەکەدا بەم شێوەیە :( داگیرکەر وەك چلکی بان - دەستوانە هەر دەبێ برۆن) . ئەمە تاوانەو لە رەگەوە مانا و مەبەستی نووسین و درا - ماکە هەڵدەوەشێنێتەوە . کام رەخنەگرە مافی ئەوەی کەووتووە لە رستەی وادا (داگیر کەر) بگۆڕێتە سەر(هێزەبەرهەڵستکارەکان) ؟ بە دەستوور و یاسای مافی پارێزگاری کردنی بەرهەمی نووسەر ، بەو دەستکاری کردنیە

بێ ڕەوایە نە ناچارە و نە شەرمەزارە
بەڵكو تاوانە و تاوانبارە !

هەروەها دەڵێت ،/ سیستەمی سۆسیالیست و سەرمایەداری لەیەك تای تەرازوو دادەنێ و ئەو گورگە هارەی ساڵەهایە بە خوێنی شەوەكەمان تینووە ، گەلەك لە هەر دوو سیستەمی ( سۆسیالیست و سەرمایەدار) چاكتر و باشتر دادەنێت .

وەك نووسەر بوونم بۆ سیستەمی سەرمایەداری دانەناوە . لەبەر ئەوەی ژیان لەلای ئەوان لەسەروارە ، هەروارەی گەشتێك لەسەر ئەم زەمیشە ، چەندەها گوندە و سەرە و ژیر دەكرێت . ئایا بۆ پێویست بەكاردانەوە بكات ؟ كە ئەو سیستەمە خۆی لە خۆیدا مامەڵەو دۆستایەتی و نزیك بوونەوەی بە ئاشكرا لە سەردراوو بەرژەوەندی ئابوری خۆیەتی . شورشی ئەیلول باشترین دەلیلە ، ببینیمان كە كلكی ئەو سیستەمە سەرمایەدارییە لە سەر چەند ئمتیازێكی ئابوری و نفوزی دەركەوت ، چارە نووسی شۆرشەكە گەیشتە چ ئاستێك ؟ ئەوەی دەبێت زیاتر ڕەخنەی لێبگیرێت و خۆتی زیاتر لەگەڵ ماندوو بكەیت ، خاوەن دەنگە قەبە و دلێرەكانن ، خاوەن بیر و بۆ-

چونە نوێکانن ، خاوەن بانگەوازە مروڤایەتیەکانن .

میللەتی کورد هەمیشە بەخۆی و شۆرشەکانیەوە ، بەتایبەت لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ، هەمیشە لەگەڵ بانگەوازی ئاشتی خوازان و ئازادی و مروڤایەتی و گەلە زۆر لیکراوەکاندا بووە .

ئەگەر میللەتی کورد و شۆرشەکانی ئەمە رایان بوبێت بەرامبەر بەخاوەن دەنگە زۆر لیکراو و سۆسیالیستەکان ئەی بە چ هەقێکی مروڤایەتی دەبێ ئەوان ژێکان لە سەر ئاوازی ئەو رژێمە خوێن مژە بژەنن ؟

ئەوانەی کە بە ناجۆرترین شێوە نامروڤایەتی و ترسناک ترین جۆری چەکی نوێ کەوتونەتە رەگو ریشە هەڵکەندنی کورد؟ دیسانەوە دەڵێین ئەگەر لەسەر خواستی دڵی ئەوان ژێکانتان دەنگ نەدەن ئەوا بۆربیە نەوتەکانی با بەگورگور لە رووتاندا گوڵبەشی بەمست دەکەن . ئێمە ناتانەوێت تەنها لەگۆشەی نیگای هەست و سۆزی مروڤانەوە تێمان بروانن بەڵکو وەکو کێشەیەکی رەوا لەسەر قەلاچۆکردنی نەتەوەیەك بێنە جواب . نەك ئەوەی پاش ئەو هەموو دەسەلات و دەنگی بیری نوێ

پەخش کردنەوەیە ، سنور بوو خۆیان بکێشن و ئەو کێشەیە بە کێشەیەکی ناوخودا بسنرێت و دەنگی مافە مروڤایەتیەکان بەکونە درێژ و بێکۆتاییەکاندا رەت کەنەوە ... ئەو مافەش بە خۆمان دەدەبین هێندەی قەبارەی ئالاو دروشمە زەبەلاحەکانیان سەرزەنشت و گلەییان لێ بکەین . وە هەروەها بێدەنگ بوون لەو کارەساتە نامرۆڤاییەتیە خۆی لە خۆیدا تاوانە ، دەرهەق میللەتی کورد و چارەنووسی دەکرێت .

دووبارە دێینەوە هەر نووسراوەکەی رەخنەگر( هەر چەند دوو رەخنەگرن بەلام وەك ئاگادارم ئەرکەکانیان دابەش کردووە لێرەدا منیش بە ناو یەك رەخنەگرەوە وەلامیان دەدەمەوە )

دەلێت :/ نووسەر لە رێبازی سێ یەم مەبەستی چی یە ؟ ئەگەر مەبەستی لە چەپرەوە سەرکێشەکان بێت ، ئەوە بەر لە بیست سالە ئیفلاسبووشە . لەسەر نەخشەی سیاسی بەدوایان بگەری نایان دۆزیتەوە . خاوەن را و من نەك مەبەستم چەپرەوە سەرکێشەکان نی یە بەلکو مەبەستم راستڕەوە بنکێشەکانی سەردەمیش



هەواڵنامەی کتێب

نی بیه؛ ئەگەر بتەوێت دەروونت پەمیل بکەیت، یا خود مەبەستت بوایە لە مەبەستی نووسەر بگەیت، ئەوا کۆتایی شانۆییەکە بەچوار وانەی مەنهەجی بۆ ئەو قوتابخانە نوێیە دارێژراوە و کۆتایی پێ هاتووە. ئەو دەمە سەرکێشوبن کێشەکەت لێی روون دەبووەوە و کەمێك لەگەڵیا بژیایتایە وەك رەخنە گرێك دەبیت بەوە دەبرد ئایا بەدوای جێگردا دەگەڕێیم؟ یا خود جەمسەری خەباتی شۆرشە زیندووە کوردییەکانم لێك داوە !!!

لە ناوەندی باس کردن لەسەر جۆرییەتی نووسینەکە، هێندە دڵ گەرمە لەسەر قەرزاری خۆی،دەڵێت: ئەم چەشنە نووسینە ناچێتە ریزی ئەدەبی شۆرشگێرییەوە. وەبە بەرسە هەمێکی ئاژاوە چی یانەی دادەنێت.

بۆ ئاوەژوو کردنەوە و زوو هەڵمالین لە کۆمەڵێك دەمارگیری و پەلەقاژێی نووسەر و رەوتە دیماغۆجیە گەردیلە و وردیلە دەمارەکانی کە سەری ئالۆسکاندون هەندێك روون کردنەوە و پرسیارەیە:

ا/ بەرهەمێك بە نووسەر و دەرهێنەر و چەند ئەکتەرێك و چەند هونەرییەك و لایەنێکی سیاسی کە مەسئولیەتی ئەمنی ئەو کارە هونەرییەی هەڵگرتبێت، ناچێتە ئەقڵەوە مەبەست گێڕە شێوێنی بوو بێت.

بەلاّم دەچێتە ئەقڵەوە سەرکێشی و حەقــد و کینە و مەبەستی تایبەتی تاکە کەسێك بسووم ئاسایی بانگی شوومی بدات و گێرە شێوێنــی بخولقێنێت .

٢/ نووسینێك فرسەتی هەناسەیەکـــی ئاسودەیی و خەندەیەکی لەسەر واقعـــی کورد و کوردستان نەبێت بیدات بەورووداوو بارە دەروونیە گشتییەی شانوییەکـــــە خولقاندویەتی ، کە چەندین بینەر بەرامبەر بە رووداوەکان فرمێسکی خەم و پەژارەیـی و سۆزیان بۆ هەڵدەرێشت ، ناکاتە گێــــرە شێوێنی ... بەڵکو بەرهەمەکە بوو بـــووە هۆی پاکژ کردنەوەی دەروونی بینەر .

٣/ بەرهەمێکی نووسین و هونەر ئەگــــەر بەچاوی ویژدانەوە دەست نیشانی کەم و کوری و هەڵەکانی دەوروبەری شۆرش و جەمـــاوەر بکات ، لەبروای کەسدا نییە ببێتــــە بەرهەمێکی ئاژاوەچی ! بەڵکو پاڵ پشتێکە بۆ خۆش کردنی زەمینەی شۆرش و ژیانـــەوەی گیانی شۆرشگێری .

٤/نوورسەرێك پەنا بەرێتە بەر پاراندوە لە نالی شاعیری پایەداری خاوەن مێــــژووی بێگەردی نەتەوەکەی ، وەکو لەم دایلۆگەدا

لەسەر زمانی نەوجەوانێك دەردەكەوێت ؛ ـ
( نالی ... نالی ، ئەی شاعیرە دێرینەكەـ
ی خاك و خۆڵ ، تۆ لەكوێی ؟! بۆ نایەیت و
بەیەكەم وانەت لەم قوتابخانە نوێیەمانەدا
چمكی بوونت بە زنجیرەی هەتایمانەوە
ببەستیتەوە ؟! توخوا نالی قریشكەی
شارەزوورت بەرگوێ نەكەوت ؟! توخوا ئەو
هاژەی ویرانكارییەی كوردستان نەبوونە
هەوێنی شعر و جەزبەی دەروێشیت ؟! یان بۆ
دەمی گۆڕت شەق پێ نابەیت و هەڵەبجەی
حەبیبەت لەو زامە پڕسوێیە رزگار بكەین ؟
یان بۆ دەستی بێ لەش و سەری بێ گیان و
منداڵی بێ دایك ناگرییتە لای خۆت ؟ ...هتد
هەروەها دەكەوێتە سۆراغی منداڵێكی
پەرۆوازەی بێ دایك و باوك وپەوهارێك كە
هەر چڵە نێرگزێكی پرشكێك لە خوێنی
كوردی بێ تاوانی بەر كەوتبێت ، و بنێرـ
یتە سەرگۆڕی شەهیدێكی رێی رزگاری تا بۆ
دەردوو خەم و ئاموژگارییەكانی سەری
نەوی كات و بیكاتە پیرۆزترین شانامەی
ئابەندەی ... بروانی بە نووسەرێك بەو
ژینیانەدا گوزەر بكات و ویژدانی خۆی
پێ قان دات ، بەرهەمەكەی بە بەرهەمێكی

هەواڵنامەی کتێب

ئاژاوەچیانە بژمێردرێت ، بەڵکو بووەتە سوتەمەنی بۆ شۆڕشی گەلەکەی .

٥/ نووسەرێک کەلەبەرهەمەکەیدا لەشێوەیەکی کۆلکە زێرینە ، ئەودا لێی دۆزینەوەی کشتەکی یەکبوون و هۆنینەوەی بەرە شۆڕشە نەتەوەییەکەی بێت ، مەگەر تەنها لە بڕوای گێلە مەردم و نیوە مردووەکاندا بێت ئەو بەرهەمە بە ئاژاوەچی داشێتەک بە بەرهەمێکی شۆڕشگێڕی سیاسی .

دوا بەدوای ئەو باسانە دەڵێت :-

نووسەر ئەگەر چی هێرش دەباتە سەر لایەنەکان ، لەهەمان کاتدا تەوفیقیانە مەرابی یان بۆ دەکات ، وەکو بۆ نمونە لەسەر زمانی منداڵەکە هێناویەتەوە و دەڵێت ( قەی ناکا ئێوە هەڵەتان کردووە لێتان دەبوورین ، بەڵام جارێکی تر ئەوکارە دووبارە مەکەنەوە ) . رەخنەگر دەبوایە ئەوەندە بە هۆش بوایە ، ئەو نووسینە بلاو دەکاتەوە ، بێگومان منیش بەردەستم دەکەوێت و دەشی خوێندمەوە، زۆر بووردیش سەرنجی خۆمبان دەدەمێ ، نابوایە دیسانەوە بە ئارەزووی پەردەی توێژینەوەی هەمانەکەی دەروونی خودی خۆی دا بەلۆک

هەلوەشێنێت و لەبری من بەخواستی رەفتارە لەنگیەکەی پالۆەکەی پێ تەنگ بدات ، ئەوی سەرەوەبەم جۆرەیە : کاکە بوونی ئێوە هیوای ئێمە گەش دەکاتەوە ، ئەوەندەشتان لەبیر بێت ، ئێوە هەر رەنگێك بپۆشن کلۆلی ناخی کەسانی وەك من دەسرنەوە ، بەلام لەمەودوا دەبێ کارامەبن و بزانن چۆن دەبەسرێن .

نەوجەوانەکە / منیش دەمەوێت ئەوە بزانم چۆن ؟

منداڵەکە / ئەو دەمەی دەستی چەپۆکاوی لەبن دەبرن ، ئەو رۆژەی چی ترچمکی هەرا و هوریا و گلەیی لێك هەڵناکەن ، ئەوڕۆمەی بەلایەستەیەکی بوکرەنگ ( علمانی متجانس) بەها و ئاهەنگی کەڵلەتان دەئاخنن ... هتد ، لە کوتایی دابەلۆکەکە دەڵێت / ئەگەر دەسەلات و هۆشی ئێوەش بەرژەوەندی و کار گوزەرانیەکی هەمووڵایەکی تیادا نەبینینەوە ، خۆ ئازەڵ نین هەر لێمان بخورن و بەگژتانا نەچینەوە ! ئایا ئەم باسە داوای لێ بوردن و قەیناکەی تیادا بەدی دەکرێت ؟ یان ئەوەیە رەخنەگر بە قولنگی رۆستەم هەوا راو دەکات !!

پاشان رەخنەگرتنێکی واقعی هێرش
کردن نی یە ، ئەگەر هێرشە باشتر وابوو
کە نموونەی بهێنایەتەوە . بەلام دەقاودەق
لە نووسینەکەوە وەری گرتایە نەك ئەوەی
لە زایەڵەی مەبەستی تایبەتی خۆیەوە
دەری فرتاندایە ، وەك لەو چەند نموونەیەی
پێشوودا نیشانمان دا.

بەدەنگێکی بڵند و بە نووسراوێکی رەوا
دەڵێم ، لەبەر چی دەبێ من تەوافیقیانەو
مەرایيم کردبێت ، بۆ هەر کەس و لایەنێك
بێت ؟ بەرای کێ رەخنەگر ئایا لەبەر ئەوەیە
کارت و پارمەتیەکەم لێ نەبڕن ؟ با
رەخنەگر بەئاگا بهێنمەوە ، لەگەڵ نانی
ئاوارەیدا دۆستایەتیم هەیە ، نەك منەت
و منەت باری . بەلام تەنها یەکجار بە
ئامادەیی رەخنەگر خۆی پاراومەتەوە و
مەرایيم کردووە ئەویش بۆ خودی رەخنەگر
خۆی بووە ، ئیستاش دەڵێم ئەوەشم بەئەرکی
سەرشانی خوم زانیووە ، ئەگەر تەنانەت
مەرایش بووبێت... چەند روون کردنەوەیەك
لەسەر چونیەتی هەلسەنگاندنی کارەکتەری
ئانۆیی ئەزموون گەری ئاکو جارێکی تر

رەخنەگر نەکەوێتە ئەو زەبەنگییە بێ پەراوێزە !!

١/ لە شانۆی ئەزموون گەرییەدا کارەکتەر ئەوەی مەودا تەقلیدییەی نی یە کە نووسەرە تراژیدییەکان بەووردی دوای کێشانیان دەکەوتن .

٢/ هەندێك جار جۆرییەتی کارەکتەرەکان لەسەر شێوەی سروشتی و مرۆیەکی ئاسایی نامێنن،بەڵکو نووسەر لەگەڵ مەبەستی خۆیدا دەیخولقێنێت . بۆ نموونە خولقاندنی کارەکتەرێکی ئەفسوناوی ، یان کارەکتەرێکی خەیالّی . ئەوجۆرە کارەکتەرانەش دەسەلاّت و تواناو مەبەستی نووسەر دیاریان دەکات .

لە شانۆی ئەزموون گەرییدا ئەگەر کارەکتەری خولقێنراو کەوتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە ، دەبێ هوشیارانەو زانستیانە تێبروانێت . بۆ ئەو مەبەستەش رەخنەگر ئەم چەند پرسیارانە پێش بینی دەکات : م/ ئەو سەرچاوەیە چی یە کە کارەکتەرەکەی لێوە خولقاوە ئایا واقعی یە یان کەوتۆتە بەر ئەو مەودا فراوانەی خەیالّی نووسەر ، یان ئایا مێژوویییەیان ... هتد .

ب/ سەنگی لە رووداوە سەرەکییەکــــــەو بەرێوەچوونی چەندە ؟!

ج/ کام لایەن و کەلێنە لە ملّ ملانێکــەدا دەگرێتەوە و بڕ دەکاتەوە ؟

ه/ هەڵگری بیرۆچکەیەکە ؟ یان خـــۆی تەحقیقی بیرەسەرەکییەکە دەکات ؟

هەرگیز بروا ناکەم ئەم پرسیارانـــــە هاتبێتن بە بیرۆچکە خەیاڵە سەرکێشیەکەی ئەم رەخنـــەگرە بەهاریانـــە . ئەگـــــەر وابوایە هەروا بە سادەیی حوکمی بی پایا ــ نیان ناداو پەتی سێدارەیان بۆ هەڵنــــە ــ دەخستن .

لەم شانۆییەدا دوو جۆر کارەکتـــــەر شانۆییەکەیان هۆنیوەتەوە .

جۆرێکیان کارەکتەری واقعین کە بریتیـــن لە ( رۆژنامە نووسەکە و نالی و مندالّەکە ) کە هەریەکەیان لەسەر تەکوینی سروشتی خۆی ج بەرەنگی جلوبەرگ بێت یان بە پێدا ویستەـ ك یان بە رەنگی ئارایشتیەکی تایبەتکـــە تەعبیر لە ژیانی دەکات هێمای پێــدراوە و ئاوری لێ دراوەتەوە . کارەکتەرەکانـــی دیمەنی یەکەم ووبژدانی بارو خاپور کردنـــی

گەلی کورد و دەوروبەرەکەیەتی لە گیانـــی چوار نەوجەواشی ئاسایدا .

جۆرەکەی تر لە کارەکتەرەکان ، ئـــــەو چوار نەوجەوانەن کە لەگەڵ ئالـــــــی و منداڵەکە و شەهیدەکەدا دەدوێن و لــــە هەمان کاتدا شەهیدەکەش کە کارەکتەرێکـــی خولقاوە ئەوەیان بەرەنگی ڕووناکی هێمـــای پێ دراوە .

وە ئەو چوار نەوجەوانە هەریەکەیـــان بریتین لە لایەرەیەکی ناخ و بیرکردنـــەوەی ڕۆژنامە نووس . وەهەر یەکەیان کەلێنێکـــو لقێکی هەوڵ و تەقەلای ڕۆژنامە نووسەکەیان لە ئەستۆ دایە . بەکۆی گشتی بە ئاکـــام هێنانی ئەو ئەرکە پیرۆزەیە کە بریتیـــە لە( گەران بەدوای ئەو راستیە شۆرشگێریا ـ نەی دەبنە بنەمای چارەسەر کردنی کێشـــەی نەتەوەکەیان و دوژمنی پێ رسوا دەکەن )ئەو چوار نەوجەوانە پشکۆی گەشی کورەیەکـــی پر غەلۆزن و ئاگرەکە خۆش دەکەن .

ئەو چوار نەوجەوانە نوێنەری راستەقینەی هەموو ئەو کوردەن کە هەست و سۆزیان لـــە گەڵ ئازاری میللەتەکەیاندا گری دەدەن و

سەرمەشقی شۆرشێکی کپ کراو و دەست بەسەرا گیراووی دەروون .. هەر خۆشیان دەبنەوە یەکەم قوتابی ئەو قوتابخانە نوێیە . ئەمانە پێش مەرگە نەبوون و پێش مەرگەش نین ، ئەوانە لە خۆشا مادە کردندان بۆ پێش مەرگایەتی .. ئەمانە دەستیان چەکی نەگرتووە ، تاکو منداڵەکە سەرزەنشتیان بکات ، منداڵەکە رەنگەکانی لێشێواوە ، منداڵەکە رەنگەکانی خۆش دەوێت ، ئەوەتا دەڵێت :(ئەو کاتەی هەڵۆ سورەکان و سوارچاکان گەیشتنە ئەو شار دڵمانی پێ کرایەوە)! منداڵەکە تەنها لە خەوندا رەنگەکان دەبینێت . منداڵەکە ووبژدانی جەمساوەری سەر لێشێواوە . منداڵەکە ناسێکی نییە بەتەنیا ، بەڵکو کەلێنە بڕیندارو جەرگبراوەکەی نێو کۆمەڵە . منداڵەکە سەرزەنشتی هەموو لایەک دەکات ، بەڵام چاوەڕوانە و ئومێدەواری بەردەوامیشیانە . بۆیە پێویستە رەخنەگر بە ووردی دەق بخوێنێتەوە تا چاو سەرەو خوار نەبێت ، ئەگەر نووسینەکە لە ئاستی تێگەیشتنی رەخنەگردا بێت ، بەش بە خۆم قێز لە هونەرو ئەرکەکانی هونەرمەندیش دەکەمەوە .. وا بەم

زوانەش دەکەوێتە بەر دەست و چـــــاوی
خوێنەری ئازیز ئەو دەمە ئەو پەل وپـــەل ـ
هاویشتنە زیاتر لە هەموو لایەك روون دە ـ
بێتەوە .
دەڵــێت : / بە چ پێوەرێك تاوانبار دەکەی
بە سەرکردەی میللەت ؟ پێم باش بـــوو
نمونەیەکت لەسەر بهێنایەتەوە ، تاکـــو
منیش لەگەڵ خوێنەر پەیمان پێ ببردایەو ،
بمزانیایە لە کوێدا ئیشارەتم بەوە داوە؟
بەڵام وەکو ئاشکرایە پێوەری تێگەیشتنەکەی
تۆ بەشتا لەسەر قەپانی سەرشانـــی
قاچیەکاندایـــە... بەرای من نـــەك
منداڵەکە بەڵکو هەموو رۆڵەیەکی کـــورد ،
هەموو خاوەن ویژدان و خاوەن هەڵوێستێکـــی
مرۆڤایەتی چاوەروانی گەشە و پەرەسەندنـــی
شۆرشی کوردە ، ئیتر سەرکردە زەید بێــت
یان عەباس ـ ئەو منداڵەش ئەرکی لـــــەو
شانۆیییەدا روون کردنەوە و ئامۆژگارییە .
کە دەینە کەرەسەیەکی بەپێز لەبەرتێروانین
و هەڵهێنجاندنی نەوجەوانەکە . خۆی لـــە
خۆیدا دەبێتە پەلێك لەو پەلانەی چارەسەری
نوێی پێ لەدایك دەبێت .
شێوە : / لەگەڵ ئەوەدام کە هەمـــوو

کارێکی هونەری ڕێسا و یاسای پێنچینەیی تایبەت بە خۆی هەیە . بەڵام مەودای ئەو کارە هونەرییە چۆنیەتی ئەو ڕیسا و یاسا پێنچینەییانە دیاری دەکات ، نەك بەزۆر بەسەریا بسەپێنرێت .

ئایا هونەری شانۆ دەق و درۆغی لەو قاڵبە سەرەتاییەدا ماوەتەوە کە تراژیدیا و کۆمیدیای پێ هاتۆتە ئاراوە ؟ یان ئایا هەر لەباوەشی ئاهەنگە ئاینیە دیۆنیسۆ - سیۆزییەکەدا خەصی لە خواوەند و مەزنە - مەردمەکان دەخوات ؟ بێ گومان نەخێر ، بە گوێرەی گۆڕان و پێداویستیە سەردەمیە - کان هونەری شانۆش بە هەموو لایەنەکانیەوە هەر سەردەمە و بەرگێکی نوێی دەپۆشی . هەر جار و دەمێك کۆمەڵێك مەزنە هونەرمە - ند هەڵدەکەوتن و نوێ کاری و داهێنانی خۆیان بۆ ماوەیەك دەسەپاند و کەسانێکی دی لەسەردەم و دوای ئەوانەوە دەکەوتنە لاسایی کردنەوەیان .

ئەمڕۆی شانۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەم ، لە چەند لایەنێکەوە هەوڵی داهێنانی نوێ کاری و دەست بەرداان لەو شێوە باوە دووبارە و چەندەها جار

کراوەییانەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر بـــاو بووە لە جموجوڵی شانۆدا . لەم گوزەرانەی دەورو بەری کوردیش هەر دەستە هونەرمەندـ ێك لەسەر تایبەتی کاری ناوچەیی و چۆ ـ نیەتی کومەڵەکەیان لە ڕووی شارستانیەت و ئەدەب و فۆلکلۆر و ئەو کەرەسە جێماوانەـ ی باب و باپیریان دەگەڕێن بـــــە دوای ماهیەتی شانۆیەکی ناوچەییدا .

هەڵبەتە شارەزایانی بواری هونـــەری شانۆی کوردیش، لەو گۆڕان و هـــەوڵ و تەقەلایانەی جیهانی بەگشتی و دەوروبەریان بەتایبەتی بێ ئاگانین . ناڕاستەوخـــۆش بێت کاریان کردۆتە سەریان و ناچـــاری ئەوەیان کردوون لە کەم ئاکو زۆر هەوڵـــی خوڵقاندنی شانۆییەکی نەتەوایەتی بـــدەن. ئەمەش مافێکی رەوایەو هیچ کەسیك ناتوا ـ نێت نکوڵی لێ بکات .

نەتەوەی کوردی ئێمەش لە زۆر ڕووەوە ـ خاوەنی کەرەسەی پوخت و بەنرخن، کەڵکـــی ئەوەیان هەیە زیندو بکرێنەوە و لەگـــەڵ سەردەم و توانای هونەریی هونەرمەندا نــدا تێکەڵ کێش بکرێت و شانۆیەکی خۆمالـــی پێ بخوڵقێنرێت . گەوڕکی نەتەوایەتـــی

پێوە دیاری بدات .

مەبەستی ئەم باسەش تەنها بە نـاوەرۆك جێ بە جێ نابێت ، بەڵكو هەر لــــە ڕووی نووسینەوەیە تاكو تێكەڵ كێش كــــردن و كەڵك وەرگرتن لە زۆر شێوازی دەرهێنانـی كۆن و نوێ و جۆری ڕەنگ بەكار هێنــان و دێكۆر و جلوبەرگ و ئەو كەلوپەلاتــــەی پێویستن بۆ خولقاندنی ئەو بارە دەروونیـە كەلەیەكەی هەستی بینین و بیستنــــەوە كار دەكاتە سەر ئەو هەستە نەتەواییەتیەی بونەتە بەرگێكی شاراوەی ناخ و دەروونیی. ئەمەش زیاتر لەو كەڵە هونەرمەندانــــە دەوەشێتەوە كە خۆشەویستی نەتەوایەتیـان هاوتای هەموو بیرو بۆچوون و داهینانەكا ـ نی دەبێتەوە ، بەتایبەت بۆ ئەو هونەرمە ـ ندانەی زیاتر لەگەڵ ئازاری میللەتەكـە ـ یاندا دەژین و ، یان بوونەتە سەرچاوەیەكـ كی بێ گەردوو سەر بۆ سیاسەتی ڕۆژانـەی دوژمن نەوی ناكەن و هەوڵوتەقەلایــــەك لەگەڵ تواناییاندا دەخەنە گێڕاوی خزمەتی هونەری ڕەسەنی نەتەوەكەیان . ئەم بۆچو ـ نانە لە زۆربەی شانۆییەكانی ئـــەم دوا دواییەی كوردیدا بە پلەی جیاواز جیمان

چەکەرەی کردووە و پەرەو نشونما دەچێت .
لە شانۆیی شالۆی ئاواندا هەوڵی جوڵەدانم داوە بەو رەوتە پیرۆزە ، بە شێوازێکی ریبوائی تەجریبیی . کە لە هەموو روویەکی هونەرییەوە لەگەڵ رێبازی ئەزموون گەریدایە . وە رێبازی ئەزموون گەریش پەیوەستە بە توانای داهێنانی دەرهێنەرەوە . وە شێوازی دەرهێنانی شانۆیی ئەزموونگەری کە بریتییە لە قیاساتی زەمەنی فەلسەفی و زەمەنی ریاضی و شیوەی کۆتایی دەداتیە دەقەکە . واتە هەر بۆچونێکی تری لەسەر بێت ، بەتاییەت لەسەر قیاساتی شانۆییەکی تەقلیدی ، ئەوا وەك هەماشەی پر هەوا بەتاڵە .

شانۆی ئەزموون گەری خۆی لە خۆبەدا بە خوێندەواری سادە و کاڵ و کرژو مرۆی ساویلکە نامۆیە . ئەو نامۆییەش لە نەشارەزایی و کەم ئەزموونییەوە توشی دەبێت شارەزایی وپەی بردن بە کومەڵێك یاسای خو بندنی هونەر ، هی ئەوەنی یە شانۆییەکی ئەزموون گەری پێ پێوەر بکرێتە .

هونەرمەندێك کە کارەکەی خستە بەرنبەوچکەی خۆری ئەزموون گەرییەوە ، دەرگای

شانۆ و هۆڵ و کەرەسەکانی دی لە ئیختیاری
خۆیدا یە؛ لە پێناوی جۆرییەتی دەربرین و
ڕێکخستنی کارە هونەرییەکان ، بەو مەبە-
ستەی نیشانی خۆی بپێکێت . واتە ئەو جۆرە
شانۆییانە تابلۆیەکی مۆدێلی نی یەو لەسەر
سروشتی مەوزوعەکە دابیبڕێژێت و بە ملیم
لە پێوەرەکاندا هەڵە نەکات . نەخێر هەموو
لایەنەکان وەکو( تەختەی شانۆ ، بۆشایی
شانۆ ، ڕەنگەکان کە بریتین لە( ڕەنگی
مەزاجی کارەکتەرەکان + ڕەنگی تیشکەکان +
ڕەنگی کەلوپەلوکان + ڕەنگی دیکور + ڕەنگی
پیداویستیە ئیکسوارییەکان + ڕەنگی
ئارابیشت) بەکۆی گشتی دوو لایەن ڕەنگمانە
هەیە ، یەکەمیان ڕەنگە هەست پێ کراوەکان
لە یەکەی ببینینەوە .

دووەمیان ڕەنگە شاراوەکان . ئەمانە
هەموو دەبنە کەرەسەیەکی بێ سنوور
و زیندوو لەبەر دەست و هەستی دەرهێنەردا ،
چۆنیەتی بەکارهێنانیشیان هەر بەزیندوویی
لەسەر دا هێنانی دەرهێنەر دەمێنێتەوە .

هەولێ سەرەکی منیش لەم کارامدا ، هە-
نگاوێکە و ناوەبەرە و دۆزینەوە و پەی
بردن بەرەو ماهیەتی شانۆیەکی نەتەوایەتی،

هەواڵنامەی کتێب

هەرچەند زۆر کەرەسە هەبوون بەکار هێنانیان لە خزمەت کارەکەی مندا بوون ، بەڵام توانای خۆم و دەوربەرەکەم هەر ئەوەندەی پێ دابین کران . ئەوانەی زیاتر یارمەتی خولقاندنی بارە دەروونە نەتەوایەتی و دەروونیەکەی داوم بریتین لە گۆرانیەکان و بەکار هێنانی دەف و جەمەدانی و ناوەرۆکی باسەکە و جۆرییەتی خولقاندنی چەند کارەکتەرێك لە نووسینەکەدا ــ کە لە پاشاندا شیای دەکەمەوە .

رەخنەگرلەباسی شێوە دێتە سەر چۆنیەتی هەرمی دارشتنی‌درامی نووسینەکە . هەمان دەستور بە تیروانینێکی تەقلیدیانەی ئەرستۆ تالیس ( البدایة ، الوسط ، النهایە ) ئەم باسە رەوایە و لەسەر بۆچوونی ئەو بوونی هەیە . بەڵام لە ئەزموون گەریدا گرنگی لە شێوەدا دەردێت بە ستاتیکی نووسینەکە بە زیندوویی لەسەر شانۆ زیاتر وەك لەوەی ئەو پێوەرە تەقلیدیە بگرێتەبەر . وەئەو پێشەکیەی باسی لەسەر دەکاتە دەبێ بە ئاگا بێتەوە لە ریبازە سەرەکی ـ یەکانی ئەدەب و هونەر بە چەند جۆرێك هاتوون : سەرەتایەکی بەکەڵك ، پێش کەش

کردن( العرض ) ، بڕۆلۆج ، هێما .

هەر نووسەرێك بەگوێرەی ڕێبازەکەی بەجۆرێك لەو جۆرە پێشەکیانە دەرگای نووسین دەخاتە سەر پشت . وە بە کۆی گشتی ئەم ئەرکانەیان هەیە : ١/ سەرەتای دراماکە دەکاتەوە . ئەگەر مەنهەجی بێست بە هێمنی و ئاسودەیی دەیخاتە سەرپشت . تەنها دەبێتە کلیلی باسەکە و سەری ڕووداوە گرنگەکان دەکاتەوە .

٢/ کارەکتەرە سەرەکیەکانمان پێ دەناسێنێت . یان لەسەر زمانی خۆی ، یان لە سەر زمانی کارەکتەریکی تر .

٣/ سەرەتای مل ملانێکە ئاشکرا دەکات .

ئەو جۆرە نووسینە کە بەم شێوەیەی پێشو دەست پێ دەکات ، هەموو ڕێبازە کۆن و نوێ و سەردەمیەکان ناگرێتەوە ، وەکو رەخنەگر دەڵێت لەکۆنەوە تا ئێستا مەرجە بەو پێشەکیە دەست پێ بکات ، ئەی کەوابوو رەخنەگر چی وەلامی ئەو شانۆیانە دەداتە- وە کە بەو شێوەیەی ئەو دەڵێت دەست پێ ناکەن وەکو : شانۆی دڵ ڕەق و شانۆی هەژار و شانۆییە بانتومایمەکان و شانۆی ئاهەنگی و شانۆی ئەقامی و شانۆی

هەواڵنامەی کتێب

ئیرتیجالی و زۆربەی شانۆییە ئەزموون گە-
رییەکان و شانۆییە کتوپڕییەکان . هەروە-
ها شانۆییە ڕیوایییەکان ، بە هەموو
لقەکانییەوە بۆمان دەگێڕنەوە نەك لە
سەرەتاوە دەست بکەن بە نواندن .

لە شالاوی تاوانیشدا گۆڕانیەکەم وەك
دەرهێنەر ڕێك کردووە بە کلیلی باسەکەم .
لە وەصفەوە دەست پێ دەکات ، لە سەر
ناوچەیەکی کوردنشینی دێرینە ، کە دەشتی
شارەزوورە . ئەمەم نەکردووە بە ڕووداو
بەڵکو پاش وەصفی جوانی چۆنیەتی بوونی بە
کەوان و بنەی ڕاوچیانم تیادا وەصف کرد
ووە . کردومە بە مەڵبەندی قەلەندەران
بەجێی شازی لە جوانیدا ، بەکۆی گشتی
خاڵی سەرەتایە بۆ هەست کردن بەخۆشەویستی
وولات ، بۆ بزواندنی هەست و سۆزی بینەر ،
بۆ چاوەروان کردنێکی کوتوپڕی نەبووە ،
بەڵکو بۆ وەرگرتنی چۆنیەتی وەرگێڕانی
ئەو گۆڕانە نابەجێیەی بە سەری دا هات .

لەسەر کێشەی شانۆییەکە و مل ملانێکە ،
ڕەخنەگر چاوەروانی ئەوەیە کە مەرجە
کارەکتەری هێزی شەر ، یان هێزی شەر ،
هەر دەبێ بەرجەستە بکرێت و خۆی لە بەر

چاووی بینەر رابووەشێنێت . ئەوەش مەرج نی یە ، ئێمە سێ جۆر مل ملانێمان لە شانۆدا هەیە : ١/ مل ملانێ ی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ .

٢/ مل ملانێ ی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و دیار دییەکانی .

٣/ مل ملانێ ی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆی . واتە وەکو هەست دوو جۆرن : مل ملانێی دەرەکی و مل ملانێ ی ناوەکی . لەبەر ئەوە مەرج نی یە هەردوو لایەنی مل ملانێکە کارەکتەری بەرجەستەبن لەسەر شانۆ . یان ئەوەیە لە ناخی کارەکتەرەکە خۆیدایە ، یان ئەوەیە لەگەڵ کەسی نادیاردا ، یان ئەوەیە لەگەڵ هێزی دەرەوەیدایە ، یان ئەوەیە بەرامبەرن . شالاوی تاوان هەر ناونیشانێکە بۆ دیاری کردنی هێزە شەرەکە یان لایەنە سلبیەکە . ئەگەر لەوەشەوە هەستتپێ نەکردبێت لە دوای هەموو دایەلۆگێکەوە بە ئاشکرا هێزە شەرەکە خۆی مەلاس داوە .

بێمە سەر باسی گۆرانیەکان : / گۆرانی ئەم شانۆییە بریتیە لە یەکێك لەو لایەنانەی هەستی نەتەوایەتی بینەری پێ

دەجولێ و بەرگی شانۆییەکی مللی پەخش دەکاتەوە . هەروەها یاریدەدەرێکە بۆ خولقاندنی بارە دەروونیە گشتیەکە . هەرچەند زۆر بە سادەیش بەکارم هینا بوون و گرنگیەکی ئەوتۆشم پێ نەدابوو ، لەبەر نەبوونی ئاواز دانەرێک ، ناچار پەنام بردە بەر ئەو ئاوازە باوانەی کە گیانی سرودێکی کوردیان لەبەر کردووە و ، یان گۆڕیمانە سەر ئەوەی گیانە سرودییەکە بپۆشێت . وەلە گورانیەکاندا ، مەبەستی سەرەکی من گەیشتنی ووشەی شعری گورانیەکان بوو ، کە خۆی لە خۆیدا تەواو کەری دیمەنەکە بوو بۆ بەرێوەچوون و لکاندنی لەگەڵ دیمەنی ئایندەتر . لەلایەکی ترەوە کاری خۆی هەبوو لەسەر ناخ و دەروونی بینەر ، تاوو گورێکی دەدا بەگیانی شۆڕشگێڕیان و هەست کردن بە تۆڵە سەندنەوە و وون نەکردنی ئەو ئازارەی لەسەر تەختەی شانۆ پیشکەشیان دەکرێت ، کە سەرچاوەکەشی دەردوو دووی ناو کوردستانە .

جارێکی تر لەسەر گۆرانی لە بەشی کۆتاییدا رەخنەگر سەرسمێکی تری داوە و کۆکەیەکی بۆ کردووە و بەبێ پشو کەوتۆتە

گر بۆ ڕیز کردنی هەڵەیەکی تر . دەڵێت گۆرانی لەشانۆدا لەسەر دەستی بریخت چەکەرەی کرد . دەبوایە ئۆپێراو شانۆیی غینائی و شانۆیی ئاهەنگە فەرعەونییەکان و هندییەکانی کەلە یادی خواوەندی(( ئەندرا )) پێش کەش دەکرا فەراموش نەکردایە . ئەوەندە هەیە بریخت بە مەفهومێکی جیاوازتر بەکاری هێنا ، وەك لەوەی پێشتر بەکار هێنراوە نەك وەکو تەغریب . با بزانین بریخت چۆن مامەڵەی لەگەڵ گۆرانی کرد لە شانۆییەکانیدا :

گۆرانی لەسێ بەش پێك هاتووە

١- موسیقا ( ئاواز) ٢- دەنگ ( گۆرانی بێژ ) ٣- ووشە ( نووسەر ) .

بەڵام لەگەڵ هەر بەشێکیدا بە جۆرێك مامەڵەی دەکرد . ووشە لەلای بریخت بریتی بوو لە مەفهومێکی فکری لە هونراوەکەدا . بەهیچ کلۆجێك پەیوەندی نەبوو بەمەسەلەی تەغریبەوە . بەڵکو ئاواز و دەنگی گۆرانی بێژ یان بێژەکان دەبوونە هۆیەکی تەغریب ، نەك بەتەنێ خۆیان تەغریب دروست بکەن .

ئەو هۆیەش بەم شێوەیە کاری خۆی دەکرد :

ئاوازی بە پێچەوانەی بارە شانۆیی و
رووداوەکەی پێشوی و دوای گۆرانیەکە
بەکار دەهێنا . واتە ئەگەر رووداوەکە
ئالۆزی و خەم و پەژارەی پێوە بوایە ،
ئەم ئاوازێکی بە پێچەوانەی ئەو بارە
بەکار دەهێنا ئەوەش لەبەر ئەوە بوو تاکو
باری رووداوەکە راستەوخۆ کار نەکاتە
سەر باری دەروونی بینەر و لەرووداوەکە
یان دا ببرێت . دەنگی گۆرانی بێژ لەلای
ئەو پەیوەندی بە دەنگی خۆش و ئەو جۆرە
دەنگانەوە نەبوو کە عزوبەتێك و حەنانێکی
تێدان ، لەبەر ئەوەی کە جۆری نەبرەی
دەنگەکە راستەوخۆ کار نەکاتە سەر
سۆز و هەستی بینەر . هەروەها ئاواز و
دەنگی گۆرانی بێژەکە پێکەوە لە خزمەت
گەیاندنی ووشەی شعرەکان و مەبەستیاندا
بوون ، واتە شعر لیرەدا زاڵ بوو بەسەر
هونەری موسیقادا .
لەسەر گرێی شانۆییەکە رەخنەگر وا
دەزانێت و هێندە حالیە کە شانۆییەکی
دووساعاتی ، تەنها ووشەیان جویوەتەوە ،
رەخنەگر بۆ سەد جاری دیشت دەلێمەوە ،
بەووردی بروانە رووداوی شانۆیی پاشان

بۆت دەردەکەوێت گرێ و گولەکانی لەکوێدان و چۆنن ، رۆژنامەنووسێك بۆماوەی (١٧) خولەك لەسەر تەختەی شانۆ بێ پشوو یاری کرد ، سەرەتای بەگرێ دەست پێ کرا کە دەڵێت : چی بنووسم ... وا نووسشیم ، کێ دەیخوێنێتەوە؟!! لە کوتایی دیمەنەکەدا بڕیاری نووسینەکە دەدات کە دەڵێت :- ( بۆ بنیاد نانی قوتابخانەیەکی ... هتد) بەلاّم بەشتا سەرەتایەتی و نازانێت چی بنوسێت ، تاکو کۆتایی شانۆییەکە بە وانەکان دێتێت ، ئەوە موفرەداتی قوتابخانەکەیە و ئەوەش ئەو خولیایە کە بە دوایدا دەگەرێت بزانێت چی بنوسێ . ئەگەر ئەمە لەلای رەخنەگر گرێیەکی پتەوو لەبار نەبێت مانای وایە با خۆی گرێیەکی بداتێ ... دایەلۆك : / نازانم چون دەتوانرێت پێ ئەوەی هەست بە لێپرسینەوە بکات ، لەلاپەرەیەکی وا بەربلاّودا بووترێت ؟ دایەلۆك گشت کان هەڵگری بیری نووسەرەو بە زمانێکی گشتی دەنووسرێ و کەسایەتی کارەکتەرەکان ئاشکرا دەکات ... نەخێر دایەلۆك هەڵگری بیری نووسەر نی یە بەو شێوەیەی رەخنەگر

تەعبیری لی کردووە ، بەڵکو دا یەلـــۆك
زما نی شێوا زی نووسین و دەربڕینی نووسەرە
لە هونەری نووسیندا ، هەر دا یەلۆگێـــك
لەسەر زما نی کا رەکتەریك دێت دەبێتە ئـەو
وەسیلە سەرەکیەی کە بە هۆیەوە خـــۆی
بە دەوروبەری دەنا سێنێت وکا رەکا نـــی
پێ مەسیەردەکا ت ، یا خود کۆمەڵێـــك
پەیوەندی پێ دەخوڵقێنێت و دەیگەیەنێتە
ئا کا مێك . وەلە نا وەندنی دا یەلۆکەکا نەوە
لە ئا کا می رووداوی شا نۆییەکەوە بیـــرو
مەبەستی نووسەر دەگەیەنرێت . هەموو بیرـ
ێکی شا نۆیی بە دا یەلوج تەعبیر پێـــێ
نا کرێت ، بەڵکو زۆر جا رلە نەتیجـــەی
بە گژدا چوون و مل ملانێیە هەست دەدۆزر ـ
ێتەوە یا ن لە دەرەوەی شا نۆ ئکا رەسا تیك
دەخوڵقێت و روداوو درا ماکە پەیوەندیا ن
پێوە هەیە ... لەلایەکی ترەوە دەڵێـت
بە زما نێکی گشتی دەنوسرێت و کەسا یەتـــی
کا رەکتەرەکا ن دەست نیشا ن دەکات . راستە
خا ڵی سەرەکیە بۆ دەست نیشا ن کردنـــی
کا رەکتەرەکا ن ، بەلام وەك چەند جا ر لـــە
کۆنەوە تا کو ئیستا ی دووبا رە کردۆتەوە ،

هەواڵنامەی کتێب

کەی زمانی شانۆیی مەرج بووە زمانێکی گشتی بێت ؟ بۆ نموونە کە ترا ژیدیا بریتی بە لە گێڕانەوە مەزنە فەرمانێکی تەواو ، دەبێ بە شایدیا یەکی نموونەیی بنوسرێتەوە کە ئەویش شعرە . لەبەر ئەوەی باس لەسەر خواوەند و مەردمە مەزنەکان دەکات دەبێ زمانی هۆنینەوە و دارشتن ، زمانی گشتی نەبێت . ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ وەك یاسا -یەکی نەگۆر تاکو ناوەندی سەدەی ناوەڕاست پەیرەوی دەکرا . وە تاکو ئەمڕۆش لە شانۆییە عربیەکاندا زمانی گشتی بەکار ناهێنرێت . وە شانۆیی شالاوی ناوان بە زمانێکی تایبەت دانەڕێژراوە ، بەڵکو زمانێکی کوردی پاراو زکماکە . بەلام نەشارەزایی لە زمانە پاکەکە وای لێ-کردووە کە بە زمانێکی تایبەتی بژمێرێت . ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر ، زاڵ نەبوونت بەسەر جۆرییەتی سیما و سیستەم و ریسای شانۆییەکە ، خستوویتییە سەر کەنار باسەکە، نەك درێژ دادرییەکی بێ مانا بێ ، وەك رەخنەگرانە بەو شێوازە هونەرییە بەدگۆییەوە دەرت بریوە . نالێم دوولاپەرە دایەلۆك ناکرێتە چوار دێڕ ، بەڵکو

دەکرێتە یەك رستەی بەمانا ش، بەڵام ئەوە چ کاتێك دەکرێت؟ کە بە کەم کردنـــی و لابردنی لە مەبەستی ووردوو درشتی نووسەر کەم نەکرێتەوە .. هەر لەسەر زمانـــی نووسینەکە هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون و ئەکادیمی ڕای خۆی بەم شێوەیە دەربـــڕی و ووتی: حەسودی بەو زمانە پاکە کوردییەت دەبەم .

لە باسی کارەکتەردا دەڵێت: کارەکتــەر لە شانۆییدا کەسێکی زیندووە، کارەکتــەر لە هونەری نووسیندا زیندوو نییە دارێژ-راوە، بەڵام لەسەرتەختەی شانۆ ئـــەوی نووسراوە دەخولقێنرێت. هەروەها لەســەری دەرواو دەڵێت: بە هەموو لایەنەکانـــی ( سروشتی و کومەلایەتی و دەروونی)، کـــە عەرەبییەکەی بریتییە لە( ابعاد ثلاثه للشخصيه) بەمانای لایەن نایەن، بەڵکو بەمەودا دێن، راستەکەی بەم شێوەیەیە کە بووتریــت:- نووسەر لە دارشتن و خولقاندنی کارەکتەری شانۆیی، دەبێ ئەو سێ مەودایە فەرامـــۆش نەکات. لەبەر ئەوەی مرۆڤ خۆی لەو ســێ مەودایەوە دەناسرێتەوە. وەلامی ئەمـــەت لەسەرەتای دەست پێ کردنی نووسینەکەوە پێ

دراوە ، کەباس لە مواصفاتی رەخنەگـــــر دەکات . بەلام دیسانەوە دەلێم بەچـــــاوو سوقاندنەوە چۆلەکە ناگیرێت ، با بەفێلیـــش بیت ، لەبەر ئەوەی چۆلەکەکە خۆی سرکە .

لەبارەی دەرهێنانەوە :/ پێم وایە ئەوی وەك سەرەتایەك لە پەیمانگایەکی هونـــەری دەخوێنرێت و ئەوی لەو پلە و قوناغەدا بە ـ رگوێ دەکەوێت ، بەس نین بۆ شارەزا بـــوون لە عالەمی دەرهێنان ، نەك بەوەشـــــــەوە نەوەستی بکەویتە پلار هاویشتنی بـــــــێ پەل .. بۆ لایەنی دەرهێنان زەمینەیەکـــــی زۆر فروانی دەوێت لەسەری بدوێین و بنوسرێت نەك ئەوەی هەبێ و نەبێ بەچوار نیوەدێـــر کۆتایی پێ بهێنرێت . پاشتایــــی بۆ چوون و شێوازی جۆراوجۆری دەرهێنان گەلێك لــــــە بۆ چوونە رەخنەییەکانە بەرفراوانتـــــرە . مەبەست تەنها لەم شانۆیییە نییە لــــە رووی دەرهێنانەوە . چونکە لە ژمارەی(١٥)ی بە ـ رەی کوردستانیدا رەخنەگری ژمارەیـــــــــەك هێندە بەزەلیلیانەوە باس لەو تکویـــــن و تەشکیلیانە دەکات دەلێت هیچ ، مانەیەکـــی نەبوو ، نەیتوانیوە هیچی لێ حالیبـــێت ، دەلێ مانای نەبووە . کە چی پێش مەرگەیە ـ

کی سادە بۆ ماوەی چەند سەعاتێك تەنهـــا لەسەر ئەو تەکوینە تەشکیلیانەگفتو گــۆو چەند و چوونی لەسەر کردووە . من وای بــۆ دەچم لەبەر ئەوەی یەکەم جارە بەرچـــاوی بکەوێت رەنگە هەر بە هەڵەیەکـــــی زۆر گەورەشیان دابنێت . وە بێ ئاگایە لــەوەی کە هونەری شانۆی نوێ خاوەنی زۆر تابلــۆی جۆراو جۆری تەعبیری لەو بارەیـــــە .

وەك رەخنەگر بۆی چووە ، کاری دەرهێنەر پڕ کردنەوەی فەزای شانۆکەو دابەش کردنی رووداوەکان بەگوێرەی بایەخ لە شوێنـــی پێویست نی یە . ئەوانە بدەرە دەست خـــە لفەیەك کە لەبەر دەستی وەستایەکدا کـــار دەکات دەرکی پێ دەکات و جوانیش بـــۆت دەرازێنێتەوە . ئەوانە لە بواری شانــۆی نوێدا بە جزئیاتی دەرهێنان دەژمێردرێـــن ئەو بۆچوونەش ئاستی هوشیاری رەخنەگر لەم بوارەدا دەردەخات .دەرهێنـــەرو بواری دەرهێنان پێوەری بۆ نی یە . وە کە کاتێك قسە لە فەزای شانۆ کرا ، دەبێ دەســـت بەرداری دابەش کردن و جوغرافیای تەختەی شانۆ ببین ، لەبەر ئەوەی بۆشایی ســـەر تەختەی شانۆ تاکو بەستەی سەری شانۆ هە ـ

مووی لەگەڵ تەختەی شانۆکە دەبنە ئەو فەزا شانۆییەی بەبۆشایی نامیننەوە و ئەو سنورە تقلیدیە دەشکێنرێت کە تەنها بەگوێرەی دیکۆر تەختەی شانۆ بەکار دەهێنرا . ئەم زاراوەیە( فەزای شانۆ)یە زاراوەیەکی نوێیە لە شانودا ، بۆ ڕێ خۆش کردنێك بوو لەبەردەم ئەو دەرهێنەرە ئەزموون گەریانەدا کە پشت بە ئەشکالی هەندەسی یان رووبەرێکی شێوە هەندەسی ، یان پشت بەتوانای جولەی ئەکروباتیکی ئەکتەر دەبەستن ئەو بۆشاییەی لەسەر تەختەی شانۆوە دەست پێ دەکات تاکو ئەو بەستەیەکی بۆشاییەکەی دیاری کردووە ، هەردوك لێك بدەن و لە سنوری تەختەی تەقلیدی دەربچن ، تەنانەت هەندێك جار تەنها بەرەنگی تیشکەکان لە سەر تەختەی شانۆ دەرباز دەبوون و لە فەزای شانۆکەدا یاری خۆیان دەکرد . رەخنەگر بەلایەوە وایە تا ئیستا هەر دەبێ لەسەر ئەم پێوەرانە ئەکتەر لەسەر تختەی شانۆ دابنرێت،پێوەری نێوان و ماوە لە نێوان بینەر و شوێنی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ ، ئەگەر کارەکتەرەکە پالەوانەکە

بێت مەرجە لە ناوەراستی پێشـــــەوە دا بنرێت تاکو بینەر باش ببیبینن ٠ یــان با رووناکتری ببیینن ... یان ... هتد ٠
ئێستا تەنها دوو لایەنی سەرەکـــــی دەور دەبینن لە چونیەتی دابەش کردن و جولـە و دورو نزیکی کارەکتەر ئەویش بریتین لــە زەمەنی فەلسەفی و زەمەنە رێـاضیەکـە.
کە هیچیشیان لێك جودا نابنەوە ، کــــە هەردووکیان لەم بەشانە پێك دێــــــن :
١/ بەرزی و نزمی لە کتلەدا ( دیکــۆر+ ئەکتەر + ژمارەی ئەکتەر + مقداری تیشك + جۆری رەنگ + رادەی ئاشکرا کردنی هێــزی شاراوەی ناخ و دەروون) ئەمانە تەختـــەی شانۆ دیاری دەکەن ٠ نەك تەختەی شانــۆ ئەمانە دیاری بکات ... مەرجیش نی بــــە تەختەی شانۆ ئەمانە بگرێتە خۆ ٠ بەڵکـــو بەشێك لە هوڵەکە ببێتە شوێنەواریان ٠
گوایە دەرهێنەر تەختەی شانۆکەی بـــە تەساوی بەکار نەهێناوە ٠ شانۆیـــــــی شالاوی تاوان یەك شوێن و یەك کاتــــی نەبووە ، لەبەر ئەوە رەنگ و رادەی ئــا ـ شکرا کردنی هێزی شاراوەی ناخ و دەروونــی کارەکتەرەکان شوێنەوارو دوور و نزیکــــی

دەخولْقێنن ، گەر شانۆکە هەمووی دیکۆر بوایە و ڕووناکیەکی فەیضی یەکسەری و یەکەی کات و یەکەی شوێنم ببوایە هەقی وابوو ئاگام لە لەنگی و تەنگی ڕەخنەی تەقلیدیان بوایە .

لەبەشی جوولەدا ، ئەوەندە پێی سەیرە ، گەیشتۆتە ئاستێك بەو شێوەیە بڵێت :- جوولەکانی ئەو دەرهێنانە ڕەمەکی بوون ، تاکو ئیستا شتی وا سەیرمان نەدیتەووە کوێر لە چاوساغ زیاتر بجولێتەوە ...
منیش نازانم بۆ پێی سەیر نییە ئەو منداڵە بۆ کوێرە ؟ ئەگەر تەنها هێندەی نامی پێیێك ئازاری ئەو منداڵە کاری بکردایەتە سەر دەمارەکانی ناوەوەی ، ئەوا پێی سەیر نابوو ئەو منداڵە لە تاوو چی شوێن بەخۆی ناگرێت ؟! کە هەرچەند بەو ئەندازەیەش نەبووە ئەو ڕەخنەگرە بخەمە سەیر و هەلەکەسەما ! ئەگە بەباشی گوێی لە ووتەکانی نالی بگرتایە ، کەبە گلەیی بوو لە هەموو لایەك و ووتی :/ ئەی تاکو ئیستا کەستان ژەمێك لەتەك منداڵێکی کوێر بووی هەڵەبجەدا ڕۆنیشتن و دەم بنێن بە سوێی فرمێسکیەوە و تاکو

بزانن چ ژانێك خۆی تیادا مەڵاس داوە؟!

ئەگەر لە نالی لاخەبەر نەبوایەنە وە تەحلیلی ئەو نەوجەوانەی بکردایە کاتێك کە چووە سەر منداڵەکە لەدەم کۆڵانێك خەوی لێکەوتبوو ، تەنها لەدەست دانێك لە برینێکیەوە نەوجەوانەکە تووشی چ ئازارێکی لەش و لاری بوو ، بەوێنەی مریشکی سەربڕاو دەتلایەوە وهەڵبەز و دابەزی دەکرد . ئەوسا دەیزانی کە سەیرە یا سەمەرەیە؟!

دووبارە تێنەگەیشتنی خۆی بەیان دەکاتەوە و دەڵێت دەبێ حکمەت لە بەکار هێنانی دەف و چەمەدانی چی بێت ؟ لەمەوبەر ئەوەمان روون کردەوە کە چەند لایەنێك هەن بوونە بارمەتی دەرێکی پتەوو بەهێز ، بۆ زاڵ بوونی بارە دەروونیە گشتیەکە و لە ناوەندی ئەوبارە دەروونیە گشتیەوە کە مەبەستم بووبخولقێنرێت وزاڵ بێت بەسەر لایەنەکانی تری قیسەمە دراماتیکیەکاندا ، دەرکەوتنی ئەو بزە و ووزە نەتەوایەتیەیە ، بۆ نزیك بوونە وەم لە تەحقیق کردنی ماهیەتی شانۆی نەتەوایەتی . دەف یەکێکە لەو ئامێرە

شیقاعیە باوەی لەزۆر ئاهەنگی دینی و میللی کوردەواریدا بەکار دەهێنرا و بەردەوامیش بەکار دەهێنرێت . بە حوکمی چۆنیەتی دەنگەکەیی و تێکەڵ بوونی لە جۆرییەتی ئاهەنگە ئاینی و میللییەکان ، ئەو دەنگەی ئاشنا بووە بە جۆش و خرۆشی دەروونی کوردەواریی و میللی ، واتە وەك کتلەیەکی ئامێری و کتلەیەکی مادی کەڵکی لێوەرگیراوە . وەك کتلە مادییەکەش کەڵکێکی زۆرکا پێ دابین لە پێك هێنانی تەشکیلاتی تەعبیری پڕ مەبەست و مانا ، زۆربەی کاتیش لەگەڵ ئەکتەرەکان کۆ دەبووەوە و دەبووە بەشێکی دانەبڕ لە کتلەی ئەکتەرەکە . پاریدەدەری دەربڕین و چارەسەر کردنی زۆر جوولە و گواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری دەدابین .

هۆی بەکار هێنان و حکمەت لە جەمەدانی بەکار هێنان ئەمانەیە :/ لەبەر جۆرییەتی جولە و هەڵس و کەوت و پێکهێنانی تەشکیلی موعەبیر نە بۆچون و فکرەیەکی بەمەبەست ، ئەم توانی ئەو چوار نەوجەوانە کە رۆڵی سەرەکیان هەیە لە مەسەلەکەدا بەرگی کوردییان پێ بپۆشم . ئەگەر

بهاتایە و بەرگی میللی کوردییان پۆشیایە ئەو تەکوینە جۆرا و جۆرەمان بەو جوانکار ـ ییەی مەبەستانە بۆمان دەرنەدەچوو . بەلام وەك شێوە ئەو جەمەدانیانە کۆی دەکردنەوەو بەرگەکە خۆشی رەنگ و بۆیەکی کوردییە .

رەخنەگر دەڵێت : بەرای من ئەگەر بهاتا ـ یە با یەخێکی ووردی بە زەبت و رەبتی دەرهێنانەکەی بدایە ، ئاوا بێ سەروگوێ نەدەبوو . منیش لە وەلامدا دەڵێم سەرجەمی کارەکە چ لە رووی نووسینەوە چ لە رووی دەرهێنانەوە بیتێ یەشتا ماوتە بەو رێبازە بگەین . لەبەر ئەوەی بێ سەرو گوێ هاتبو ـ بێتە سەیری شانۆییەکە . لە بری ئەوەی وەك هونەرمەندێکی رەخنەگر بێێت وببینێ و بپرسێ و ئەوسا بنوسێ ، کەچی رقی سەندنەوەی قەرز و پیاوەتیت لە کەللە ئاخنی بووە !!

نواندن :/ رەخنەگر : لەگەل ئەوەش ئەکتەرەکان زۆر بە هێمنی و زال بوونەوە رۆلی خۆیان بینی بەلام کرچ و کالی دەرهێنان لە ووزە و توانای ئەکتەرەکانی کەم کردبووە .

وەك دەرهێنەرێك هەرگیز توانا و گیانی

لە خۆ بووردنی ئەو چەند برادەرو هونەرمە ـ
ندانەم لە یاد ناچێت ، کە دوای کریکـــاری
پێکەوە شەوانە بەباران و سەرما و سۆڵـــی
شنۆ لە شوێنێك كۆ دەبوینەوە و ئـــــەو
كارەمان بە مەینەتیەكی زۆر پێگەیانـــد .
لەگەڵ ئەوەشدا با ئەو راستیە نەشاردرێتەـ
وە ، زۆربەی ئەو برادەرانەی لە تواندنـــدا
بەشداریان كردووە ، بۆ یەكەم جارە دەچنە
سەر شانۆ... تەنانەت تیایدایە ، كە بـــۆ
یەكەم جاریشە لە تەمەنی خۆیدا شانـــۆ
ببینێت . جا ئایا ئەوە راستە مـــن وەك
دەرهێنەرێك لە توانای ئەوانم كــــەم
كردبێتەوە؟! لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقە ـ
لایەكدا هەر ئەوەندە لە تاقەت و ووزەیاندا
بووە . لەبەر بەرزی خزمەتەكەیــــی
و خورەوشتی هونەرییانە نەم وویستـــووە
زێدەتر ماندوویان بكەم .

لە باسی ئارایشت و رووناكیدا دەڵێت :
هەردووكیان بە پێی خۆیان كارەكتەرەكـــە
بەرجەستە دەكەن ... لە وەڵامدا دەڵێـــم
ئەوا بۆیەكەم جار بیستمان لەم بۆچوونـــە
كلك دارانەوە كە ئارایشت و رووناكین بـــە
پێ و قەدەم كارەكتەر بەرجەستە دەكەن!(من

وام زانیوە کە ئارایشت و ڕووناکی
زۆر کات دەبنە بارێدەدەرێك لەسەر ئەکتەر
بۆ نزیك بوونەوەی لە جۆری کارەکتەرەکەو
بارە دەروونیەکەی .

هەروەها دەڵێت : / ئەگەر چی لە هونەری
نوێدا پشت گوێ دەخرێن . بڕیا دەست نیشانی
ئەو جۆرە شانۆییەنوێیا نەی بکردایە کە
ئارایشت و ڕووناکی پشت گوێ دەخەن .

ئەوسا بە ووردی ڕای خۆمان لەسەردەدا.
ئەگەر بێت و لە شانۆیی دڵ ڕەق و شانۆیی
هەژاردا ئارایشت وەکو مادە ڕەنگیەکان
پشت گوێ بخرێت ، بەڵام دەمامکی تیادا بە-
کار دێت . بەڵام لە هیچ جۆرە شانۆییەکی
نوێدا ڕووناکی پشت گوێ نەخراوە و دەستی
لێ بەر نەدراوە . تەنانەت ئەگەر لەهەوای
کراوەشدا پێش کەش بکرێت ، ڕووناکی لەو
دەمەدا هەر هەیە ، کە بریتیە لەو
ڕووناکیە سروشتیە ، ئەو دەمە دەرهێنەر
پێوانە و پێوەری دی دادەنێت ، بەرامبەر
ئاستی ڕۆژ و پلەی گەرمابیەکەی و ئەندا-
زەی تیشکەکە . هەروەها ڕووناکی لە زۆر-
بەی شانۆیی نوێ و ئەزموون گەریدا
کەڵکیان لە ئامێری نوێ و تەکنیکی

تەکنۆلۆجیای نوێ کردووە . وە یارمەتی خولقاندنی کۆمەڵێك دیاردەی سروشتی و خەیاڵی و ئەفسونایی داون . بۆ نموونە بوونی رەشەبا و باران و زریان ودەرکەوتنی تارمایی و کارەکتەری خەیاڵ و ... هتد کە گەیشتۆتە ئاستێك رەنگی تیشکەکان و تیشکەکان شەپۆلاوبن و گڕ و خاوەدەکرێنە وە و دەجوڵێن و دەوەستێنرێن بەگوێرەی پێویست . هەروەها رەنگی تیشك و رووناکیەکان ، گەیشتوشەتە ئاستێك ، لەگەڵ مۆسیقای تایبەت و دیاری کراو لەلایەن خاوەن مەبەستەوە پەتەکنیکێکی وا نوێ بەکاری دەهێنن ، کە سەربەخۆ بەو دوولایەنە بابەتێك لەجێی شانۆییەکی جیواری پێشکەش دەکەن . کەئەم جورە شانۆییە ناوبراوە بە شانۆیی رەنگەکان ( مسرح الالوان ) .

لە کوتاییدا دەڵێم هیوام وایە هیچ نووسەر و هونەرمەندێك بۆ مەبەستێکی تایبەت ، وا بەکاڵ و کرژی روو نەکاتە هیچ توێژینەوەیەك ، وەدەزگاو بڵاوکراوییەکانیش رێنمایی تازە هەڵچووەکان بکەن .

دووبارە لە کۆتاییدا دەڵێم : هیوام وایە پێش دارشتن ، تێگەیشتن بێت ....

ـە بلاوكراوەكانی :

ـەكیتی قوتابیان و لاوانی دیموكراتی كوردستان ـ عیراق

چاپخانەی خەبات ( ٢١ )   ١٩٩٠